زنجیره باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری 19



# مەنسور حیکمەت

- مانای دیموکراسی، ڕای تاک و دەخاڵەتی هاووڵاتیان لەچارەنووسی کۆمەڵگادا
- مەنسوری حیکمەت لە وەڵام بەدوو پرسیاردا، لەپەیوەند بەدیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانیدا...
- کۆمۆنیزم و حزب و چینی کرێکار
- کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم کاری ئێمەیە

لەبڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان / نۆڤەمبەری 2008

**مەنسور حیکمەت**

- **مانای دیموکراسی، ڕای تاک و دەخاڵەتی هاووڵاتیان لە چارەنووسی کۆمەڵگادا**
- **مەنسوری حیکمەت لە وەڵام بەدوو پرسیاردا، لەپەیوەند بەدیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانیدا...**
- **کۆمۆنیزم و حزب و چینی کرێکار**
- **کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم کاری ئێمەیە**

**مۆنتاژ : نوری بەشیر**

**سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**

www.hkkurdistan.org

**ئیمەیڵی حزب**

hkkurdistan@yahoo.com

دەولەتانی کۆنەپەرست و هەم بزوتنەوەو حیزبە کۆنەپەرستەکان. بەلام لە ئیستادا ئەوە ئەوانن کە روخساری جیهان دیاری دەکەن. ئیمەو ئەحزابی وەکو ئیمە، دەبێ بەشەریەتی ئینساندۆست و ئازادیخواز لە دژی گشت ئەم هەمومەرجە بهینینە مەیدان. تا کاتیک کە ئەمە نەکرابێت، ئەم نەهامەتی‌یە دریژەی دەبیت.

بۆ یەکەمجار لە ئەنتەرناسیونالی هەفتانە (انترناسیونال هفتگی)ی ژمارە 71ی رۆژی 14 ی سیبتەمبەردا 2001 بلاوکرایەوە



# مانای دیموکراسی، ڕای تاک و دەخاڵەتی هاووڵاتیان لەچارەنووسی کۆمەڵگادا

مەنسور حیکمەت

وەرگێڕانی: جەمال موحسین

**هۆشمەند:**

سوپاسی بەڕێز مەنسوور حیکمەت ئەکەم بۆ کاتێک کە پێی دام، پرسیارەکەی من ئەوەیە کە هەڵوێست و پێناسەی ئێوە بۆ دیموکراسی چیە؟ ئایا ئێوە باوەڕتان بە دیموکراسی باو لەدنیادا هەیە یان نا؟

**مەنسوور حیکمەت:**

سوپاس هۆشمەندی ئازیز، لەپەیوەند بە دیموکراسیەوە من باوەڕم وایە بە درێژی لەسەری نووسیومە ئەگەر دەستت بەو نووسینانە ناگات، ئەدرەسێکم بدەیتێ بۆتان ئەنێرم.

باسەکانی من لەپەیوەند بە دیموکراسیەوە لەسەر سایتەکان پەیدا ئەبێ و بە هەمان شێوەش لە خودی بەرنامەی "دنیایەکی باشتر" دا هەیە بەوجۆرەی کە ئێوە ئەڵێن لە پەیوەند بە دیموکراسی باوی دنیا قسەمان کردووە. تەماشاکە، بۆچوونێک بە تایبەت لە نێو چەپەکانی وڵاتانی دواکەوتوودا، چەپەکانی وڵاتانی هەژارتردا هەیە گوایە دیموکراسی هاوتای ووشەی ئازادیە. سەرئەنجام ئازادی یانی دیموکراسی و ئەمە تەنها شکڵێکە کە ئازادی ئەتوانێ بە خۆیەوە بگرێ. وە هەر لێرەدایە کە ئەگەر

کەسێک بڵێ من دیموکرات نیم، ماناکەی ئەبێ بەوە کە ئازادیخواز نییە، سەرکوتگەر و لایەنگری سەرکوتگەرییە. لە کاتێکدا کە دیموکراسی ووشەیەکی هاوتای ئازادی نییە، ووشەیەکە لە دەورەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا، چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بۆ پێناسەکردنی ئازادی لە ڕوانگەی خۆیەوە داویەتی بە دەستەوە.

دیموکراسی پەرلەمانی یان دیموکراسی بۆرژوازی شێوەیەکە کە ئەم چینە، کە بنەمای کۆمەڵگاکەی لەسەر سوودبردنی سەرمایە، بنەمای کاری بەکرێ، بنەمای بوونی بازاڕ، بنەمای کڕین و فرۆشتن دامەزراندووە و هێزی کاریشی گۆڕیوە بە کاڵایەک، ئازادی پێ پێناسەکردوە. کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە سیستمی سیاسی لەسەر مەقولەی دیموکراسی پەرلەمانی بنیات ناوە و بەوەش ئەڵێ ئازادی. (ئەمە ئازادیە بەو مانایەی کە کۆمەڵگا و ئەو چینە (بەوجۆرە) لێی ئەڕوانن. ماناکەی ئەوە نیە کە لە ڕووی مێژووییەوە تەنها ئەشێ بەم جۆرە تەماشای ئازادی بکرێ، یا لە ڕووی مێژووییەوە تەنها بەمجۆرە تەماشایان کردووە، یان سۆشیالیستەکان لەسەریانە بەمجۆرە تەماشای ئازادی بکەن.

سۆشیالیزمیش لەپەیوەند بە ئازادی ئینسانەوە پێناسەی خۆی هەیە. بەڵام باسی سۆشیالیزم لەسەر ئازادی، ئابوریش ئەگرێتەوە. وە ئابوری و سیاسەت بە ووردی پێکەوە گرێئەدات. تەماشاکە، من دیموکرات بە مانای دیموکراتی پەرلەمانی نیم، چونکە سیستمی پەرلەمانی سیستمێک نیە کە دەسەڵات بداتە هاووڵاتیان دەخاڵەت لە چارەنوسی خۆیاندا بکەن. سیستمێکە کە بە پێچەوانەوە، ئەم دەسەڵاتە بە بەردەوامی لە هاووڵاتیان ئەسەنێتەوە و دەورە لەدوای دەورە ئەیدات بە کەسانی تر. هەر لەبەرئەوەشە پێی ئەڵێن دیموکراسی نوێنەرایەتی یان دیموکراسی وەکالەتی. ئەم وەکیلانە کەسانێکن کە بۆ هەر 4 ساڵ جارێک یا هەر 5 ساڵ جارێک، لەو کۆمەڵگایانەدا کە وای دابنێین دیموکراسیەتیان تیایە، سەڵاحیەتی دەخاڵەت کردن لە چارەنووسی کۆمەڵگادا بە نوێنەرایەتی جەماوەری ملیۆنی خەڵک وەرئەگرن. لەو دەورەیەدا هاووڵاتی لە ڕێگەی دیموکراسیەوە بچوکترین ئیمکانی دەخاڵەتی لە کۆمەڵگادا نیە. دیارە لە ڕێگای میکانیزمی ترەوە ئەتوانێ، کە دواتر دێمە سەریان، بەڵام لە ڕێگەی دیموکراتیکەوە ناتوانێ دەخاڵەت لە چارەنووسی کۆمەڵگادا بکات. ئەگەر لە ماوەی ئەم 4 ساڵەدا ئەم حکومەتە جەنگ ڕابگەیەنێ، لە هاووڵاتی ناپرسن. ئەگەر بڕی سوو بەرزببێتەوە لە هاووڵاتی ناپرسن. ئەگەر بڕیار بدەن قوتابخانەی ئاینی بکەنەوە، لە هاووڵاتی ناپرسن. هاووڵاتی وەکالەتی داوە، ئازادیەکەی بۆ ماوەی 4 ساڵ داوە بە کەسانی تر. دوای 4 ساڵەکەش کە دێنەوە، دەخاڵەتێک لە هاووڵاتیان ناخوازن، پێی ئەڵێن وەکیلی دوای ئەوت هەڵبژێرە. وەرە لە نێو ئەو هەڵبژاردنانەدا کە ئەحزابی سیاسی خستوویانەتە بەردەمت، یەکێک هەڵبژێرە و ئەم ئینسانانە لەم 4 ساڵەدا بگەیەنە دەسەڵات.





بۆ سەر"شیوە ژیانی" غەربی، بۆ سەر دیموکراسی و... هتد،لیرەولەوآ دەبیستراَ. بەڵام حەرەکەتی رەوتی ئەیلی کۆمەلگاو تەنانەت خودی قسەکەرانی دەولەتی ئەمریکا بەلگەی ئەوەن کە قسەی ئەم تێڕوانینە نایگرێت. من نیگەرانی گەشەی راسیزم نیم لەئەنجامی ئەم رووداوەدا. راسیستەکان بیگومان ماوەیەک چالاکتر دەبن و خەڵکی هان دەدەن، بەڵام کۆمەلگای غەربی رەتیان دەکاتەوە. بەپیچەوانەوە بە بروای من خەلکی ئەمریکا تا ئەوەندەی بکریت لەدوورەوە لێی تێبگەیت، میهرەبانیی و ئینسانیەتێکی جێگەی ستایشیان لەبەرامبەر ئەم کارەساتە راچلەکینەرەدا نیشان داوە. بەبڕوای من خەلکی ئەمریکا تەنانەت کاردانەوەیەکی عەسکەریی لەدەولەتی ئەمریکا لەدژی خەلکی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە سادەیی قبول ناکەن کە تەڕو وشک پێکەوە بسووتێنآ. ئەم رووداوە لەوە گەورەترە کە بکریت بە بەکلیشە باوەکانء پروپاگەندە برۆیتە سۆراغیەوە. سەرئەنجام بەبروای من کۆمەلگای غەربی مامەڵەیەکی ئالۆزترء تیگەیشتووانەتر لەگەلڕ ئەم رووداوەدا دەکات. تەکنولوژی پەیوەندی گرتنی ئەمرۆ گێلکردنی خەلکیء دەرخوارددانی دەمارگیری دژوارتر کردووە. هەر ئەو تەلەفزیونەی کە کارەساتی نیویورک دەخاتە بەرچاوی جیهان، وێران بونی کابولیش نیشان دەدات. کەسیک کە بۆ کارەساتی نیویورک فرمیسکی هەڵڕشتبیت، ناتوانآ بەئاسانی بۆ دوبارەبونەوەی لەکابولدا هەلهەلە لێ بدات.

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** لە راگەیاندنی حزبدا پەنجە بۆ ئەوە راکیشراوە کە کارەساتی نیویورک حەلقەیەکە لە توند بوونەوەی پێشبرکێیەکی تیرۆریستی، مسابەقەیەک کە زۆربەی دەولەتانی دنیا لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە بزووتنەوە کۆنەپەرستەکان بە تایبەت ئیسلامیییەکان تیایدا بەشدار دەبن. چۆن دەکریت بەر بەم پێشبڕکآیە بگیرێ و بەرای ئیوە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری دەبێ لە خەباتی دژی تیرۆریزمدا چ دەوریک بگیرێ؟

**مەنسور حیکمەت:** کۆتایی هینان بە تیرۆریزم کاری ئیمەیە. کاری ئیمەمانانێک کە لە پیناو یەکسانی ماف و حورمەتی ئیسنانەکان و جێخستنی بەهای ئەوان تێدەکۆشین. تیرۆریزمی دەولەتیی دەبێ بە روخاندنی دەولەتانی تیرۆریست کۆتایی پێ بهینرێ. تیرۆریزمی غەیرە دەولەتیی دەبێ لە ریگای کۆتایی هینان بەو کوێرەوەری و هەڵاواردن و چەوسانەوەو سەرکوتانەوە لە بەین ببرێ کە ئینسانەکان بەرەو بێ ئومێدی پاڵ پیوە دەنێن و دەیانکەنە قوربانیی رەوت و ریکخراوە کۆنەپەرستە دژی بەشەریەکان. لەڕێگای پەردەهەڵماڵین لەڕووی دین و نەتەوە پەرستی و نەژاد پەرستی و هەر ئایدۆلۆژیایەکی بودەڵە کە رێز بۆ ئینسان دانانیت. وەلامی ئیمە خەباتە بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەلگا کراوەو ئازاد و یەکسانانەی کە لەویدا ئادەمیزادء گیان و حورمەت و ئاسایشی نرخی هەبیت. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری و حزبە هاوشێوەکانمان، لە بەرامبەر هەردوو لای ئەم پێشبڕکێ تیرۆریستیییەدا رادەوەستن. هەم لەبەرامبەر

توند ولاسارانەی لە ئیسرائیلء دەرچونی لەژیر باری پەیماننامەی کیوتو (سەبارەت بە پاراستنی ژینگە) لەلایەن کۆوکۆمەلە باڵاکان و میدیاکانی وڵاتانی غەربەوە لەژیر فشاردا بوو. ئەمریکا وەک ئامڕازو بەهانەو پیشەکیەک کەلک لەم روداوە وەردەگریت بۆ هیزنواندنی عەسکەریی خۆی. لە کورت ماوەدا هەموو دەولەتە غەربیەکان "بەڵێ قوربان"ی بۆ دەلینء ئامادەباش رادەوەستن. بەلام لەدرێژماوەتردا هاوکیشە ئابوری وسیاسیی‌یە جێکەوتووترەکان دیسانەوە خالی هاوسەنگیی بەزیانی ئەمریکا دەگۆرن.

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** لەباری سیاسیەوە ئایا ئەم روداوە مەسەلەکانی وەک ئاشتی رۆژهەلاتی ناوەراست و مەسەلەی فەلەستین دەخاتە ژیر کاریگەری خۆیەوە ؟ چۆن؟

**مەنسور حیکمەت:** لە کورت ماوەدا بیگومان هەموو شتیک دەخاتە ژیر کاریگەری خۆیەوە. هەردوولای کیشمەکیشەکە لە فەلەستین وئیسرائیل حەپەساوء نیگەرانن. عەرەفات بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە مایکرۆفۆن و مەحکومی دەکات، نەکا گۆشەیەکی ئەم رووداوە بەناوی ئەوەوە بنوسن. سەرانی ئیسرائیل بە توندی لەو فۆرمۆلەبەندی‌یە کە دەلی ئەم رووداوە دریژەی مەسەلەی فەلەستین و کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر توندوتیژی‌یەکانی ئیسرائیلدا، دەپەشۆکینء شانی خۆیان لە مسئولیەت خالی دەکەن. بەڵام کاریگەری ئەم رووداوە لەدێژماوەتردا بەستراوەتەوە بە کاردانەوەی سەرەتایی ئەمریکاوە لەبەرامبەر ئەم رووداوەدا. ئەگەر هێزنواندنێکی خویناوی دژی ریکخراوە ئیسلامیەکان رووبدات، ئەو کات لە کۆتایی ئەم بینەوبەرەیەدا، هەروەک لەکۆتایی هیرش بۆ سەر عیراقدا بینیمان، سووڕێکی دیبلۆماسیی بۆ ئاشتی هەردوولا لە دلی ئەم هاوسەنگی‌یە عەسکەریە تازەیەدا دەست پیدەکات. بەڵام مەسەلەی فەلەستینء جیگاوریگای ئیسرائیل و عەرەبەکان ریشەیەکی قووڵتری لەواقیعیەتە محەللی‌یەکاندا هەیە. ئاشتی لە فەلەستین بەبآ وەرچەرخانی هەردوو کۆمەلگا لە ئیسرائیل وفەلەستین بەرەو چەپ لە تواناادا نی‌یە. سکولاریزم و عەدالەتخوازی لەهەردوو بەری کیشەکەدا دەبیت بەسەر قەوم پەرستی ومەزهەبدا سەرکەوی تا ئاشتی مومکن بیت. مەسەلەی فەلەستین ریگاچارەی عەسکەری نی‌یە. تۆقاندن لە بەینی نابات. سەرئەنجام لەئاکامدا تا روانگەی هەردوو کۆمەلگا بەرامبەر بەیەکء ریزبەستنی سیاسیی نیوان چەپء راست لەدەرونی هەردوو لادا ئالوگۆر نەکات ، مەسەلەکە لە جیگای خۆی ئەمینیتەوە.

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** لە راگەیاندنی تا ئیستای میدیای غەربدا، ئەم هیرشە تیرۆریستانەیە بەبەرامبەرکآ لەگەلڕ دیموکراسی پیناسە دەکەنء هەندآ لە "وولاتانی ئیسلامی" بە جۆریک خراونەتە ناو ئەم بەرامبەرکێیەوە. ئایا ئەمە ئەشآ ببیتە هۆی گەشەی راسیزم لە غەربدا؟

**مەنسور حیکمەت:** لەدەزگاکانی راگەیاندنی غەربدا لێرەء لەوێ ئاماژە بۆ تیزەکانی "شەری شارستانیەکان" ی هانتیگون بەدی ئەکرێت. ئەوەی کە ئەمە کیشمەکیشیکی "شارستانی"یە، هیرشیکە





من لە ئێوە ئەپرسم، ئەگەر لە جیاتی سیاسەت، مەسەلە ئابوریی بوایە، بیانووتایە وەرن هەر 4 ساڵ جارێک کەسانێک هەڵبژێرن، کە لە جێی ئێمە خۆشگوزەران بن، بێن و هەر 4 ساڵ جارێک کەسانێک هەڵبژێرین کە لە جێی ئێمە بچنە قوتابخانە، هەر 4 ساڵ جارێک کەسانێک هەڵبژێرن کە لە جێی ئێمە بچنە لای دوکتۆر و لە خزمەتگوزاری تەندروستی بەهرەمەند بن. یان وەرن هەر 4 ساڵ جارێک کەسانێک هەڵبژێرن کە لە جێی ئێمە خواردن بخۆن، هەر 4 ساڵ جارێک کەسانێک هەڵبژێرن کە لە جێی ئێمە سێکس بکەن... هیچ کەسێک ئەمە قبوڵ ناکات.

هیچ کەسێک، لە هەموو ئەو ئینسانانەی کە دیموکراسی پەرلەمانیان قبوڵە، قبوڵ ناکەن کە لەو 4 ساڵەدا ئیختیاری ژیانیان لەو بوارانەدا کە باسم کرد، لە سەرپەرشتی مناڵەکانیان، تا بژێوییان، تا خۆشگوزەرانییان بە کردەوە بدەنە دەست کەسێکی تر. وەکالەت لەم مەسەلانەدا بسپێرێت بەو وەکیلە و بڕوات و 4 ساڵی تر بێتەوە. بەڵام لەم سیستمەدا سیاسەت چونکە گرنگی نیە، خەڵک ئەم کارە ئەکەن. عیلەتی ئەوەی دیموکراسی پەرلەمانی ئەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ، ئەوەیە کە سیاسەت لەم سیستمەدا بێ ئەهمیەتە. لەبەرئەوەی سیاسەت هەر لەپێشەوە لەلایەن خەڵکەوە زانراوە، ئەزانن کە سیاسەت لە دەست ئاغایانی دەسەڵاتدایە و ئەزانن کە هەتا پەرلەمانیش سەنتەری دەسەڵات نیە.

ئێوە تەماشاکەن کۆمپانیای بوینگ کە سی هەزار کەس لە کار دەرئەکات، ڕەزامەندی هیچ مەرجەعێک وەرناگرێ، کۆنگرەی ئەمەریکا قسەی تیا ناکات. بەڵام شارێکی گەورە دائەخات. سی هەزار کەسی شارێک، ژمارەیەکی نسبەتەن گەورەیە. لەئەنجامی ئەمەوە هەژاری هەیە، بێبەشی هەیە، مەوادی بێهۆشکەر هەیە، خۆکوشتن هەیە، لە پەیوەند بە هیچ یەکێک لەمانەوە خەڵک و نوێنەرەکانیان قسەیەک ناکەن، ڕا نادەن. بوینگ دائەخات. کۆڕوکۆمەڵە حاکمەکان بەسەر کۆمەڵگاوە لە پەیوەند بە ئابوریەوە بڕیاری خۆیان داوە، پەرلەمانیش ئیشی ئەوەیە مۆری تەئیدی لێ بدات. سیستمی دیموکراسی پەرلەمانی سیستمێکە بۆ شەرعیەتدان بە حکومەتێک کە بەرلە پەرلەمان و لەسەروی پەرلەمانەوە بوونی هەیە ئەویش حکومەتی چینی دەسەڵاتدارە. حکومەتی چینێکە کە لە ڕووی ئابورییەوە دەسەڵاتدارە.

بەم پێیە نا! من لایەنگری دیموکراسی پەرلەمانی نیم. ڕۆشنە کە دیموکراسی پەرلەمانیم پێ باشترە لەچاو حکومەتی سەربازی، ڕۆشنە ئەوم پێ باشترە لە سەرکوتگەری پاشایەتی، ڕۆشنە ئەوم لە حکومەتی پۆلیسی مەخفی پێ باشترە. بەڵام پێم وانییە بتوانن ئاستی ئێمە ئەوەندە بهێننە خوارەوە کە ئەوە بە عینوانی ئایدیاڵی (نموزەجی) خۆمان لە ژیاندا قبوڵ بکەین. سۆشیالیزم مانای ئازادیە بۆ ئێمە، وە ئەڵتەرناتیڤی ئێمە لەبەرامبەر دیموکراسیدا سۆشیالیزمە. ئەگەر بەم مانایە لێکبدرێتەوە کە سۆشیالیزم بەها بۆ ڕای تاک دانانێت، چونکە دیموکراسی معیاری مافی تاکە، دەی باشە ئەڵێین

کەسێک کە حەبی تەبلیغاتی ڕەسمی کۆمەڵگای بۆرژوازی قوت داوە، وا ئەڵێت. لە کاتێکدا کە هەرگیز بەمجۆرە نییە. تەنها بزووتنەوەیەک کە بە مانای واقعی ماف ئەدات بە تاک کە بەشێوەی بەردەوام لە چارەنوسی سیاسی و ئابوری خۆیدا دەخاڵەت بکات سۆشیالیزمە.





مەرج نییە، وەیان لەبنەرەتەوە مەبەست تەمێ کردنی ئەنجامدەرانی ئەم ڕووداوە نییە، کە ڕەنگە نیشانەی ئەمەریکا هەر ڕووی لەوان نەبێت، بەلکو بەمەبەستی هیزنواندن لە ئاستی جیهانیداء هەروەها بۆ لەبەرچاوگرتنی هەندێ عاملی نەفسی و مەعنەوی ناوخۆیی لە خودی ئەمریکادا. ئەمریکا لە نیوان ریگایەکی سیاسی کاریگەر بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە تیرۆریزمی دژی ئەمریکایی و ریگایەکی سەربازیی بودەڵەدا، بێ شک دووەمیان هەلدەبژیرێ. چونکە تیروانینی ئەمریکا بۆ خۆی و بالادەستیی خۆی، لەسەر توانا سەربازییەکەی دامەزراوە.

لە بارەی ئەبعادی کاردانەوەکەی ئەمریکاوە هیشتا شتیکی براوە لەئارادا نییە، پیم وا نیيە کە خۆشیان بۆمبء مووشەک وەشاندنی دووراودوور بۆ شارو ناوچەکانی ئەفغانستان بە هەنگاوو ریگایەکی کافی بزانن. ئەگەر تالیبان بن لادن تەسلیم بکاتەوە، رەنگە ئەبعادی کاردانەوە سەربازیيەکەی ئەمریکا لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکتردا بمینیتەوە. ئەگینا، بە پێێ قاعیدە جۆریک لە داگیرکردنی زەمینی و پیشرەوی لە ئەفغانستان و تەنانەت لە عیراقدا دەخەنە بەرنامەیانەوە. ئەمە زۆر شت دەگۆرێ، روخساری سیاسی دنیا دەگۆرێ.

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** لە کاردانەوە بەراییەکاندا بەرامبەر بەم روداوە، لەخودی ئەمریکادا باس لەلاوازی ئەمنی و زانیاریی کراوە. بە شیوەیەکی واقیعیش، لە خاکی ئەمریکادا هیرش کراوەتە سەر بینایەی وەزارەتی دیفاع و گرنگترین مەرکەزی مالییء خەلکیکی زۆریش بوون بە قوربانی. ئەم روداوە چ کاریگەرییەک لەسەر ئەمریکا وەک زلهیزی جیهان دائەنیت، ئەمریکا بۆ پیش گرتن بەهاتنە خوارەوەی مەوقعیەتی خۆی مومکنە چ کارێک بگرێتەبەر؟

**مەنسور حیکمەت:** بەپێچەوانەوە بەرای من ئەم تیرۆریزمە بەقازانجی جیگیرکردنی روخساری ئەمریکا وەک زلهیزیک کاردەکات. زلهیزیی ئەمریکا کاریکە کە لەبەرامبەر جەمسەرە ئابوری وسیاسی و عەسکەریەکانی دیکە لە جیهانی سەرمایەداریدا پیناسە دەکریت، نەک لەبەرامبەر ئەفغانستان یان عیراق یان جیهادی ئیسلامی یان حەماس. زلهیزیی ئەمریکا بەمانای ئەوەیە کە هەرچییەکی بووێت لە جیهاندا بیکات. نەک ئەوەی کە فرۆکەخانەکانی ئیمکانی نفوزتێکردنی نەبێت، یان بیناکانی لەسووتاندن نەیات. فەزای ئەمرۆی دنیا، دوای ئەم ڕووداوە، رێک وەک دەورانی دوای داگیرکردنی کویت لەلایەن عیراقەوە، فەزای دەربرینی وەفادارییی سەرلەنوێی هیزەکانی دیکەی غەربە بۆ ئەمریکاو تەسلیم بوون بەخواستە سیاسی وعەسکەریەکانی دەستەی حوکمرانی ئەمریکایە. ئەم تاوانە تیروریستیە وەرەقەیەکی سپی ئیمزاکراو دەداتە دەستی ئەمریکا بۆ دەخالەت کردنی عەسکەری لەهەر شوینیکی دنیاو بۆ پیداگری سەرلەنوآ لەسەر بالادەستیی جیهانیی خۆی. تا یەک رۆژ پیشتر دەولەتی ئەمریکا بە هۆی لایەنگری

کۆکوژیەکی پڕاوپڕ مەحکوم دەکەین. دڵمان لەگەل خەلکی لە خوین هەلکیشراوی ئەمریکادایە و پر بەدل لەم ناخۆشییەی ئەواندا بەشداری دەکەین. ریکخراوو دەولەتانی کۆنەپەرست تیرۆریزمیان کردووە بە گۆشەیەکی جآکەوتوی ژیانی هاوچەرخ. ئیمە باوەرمان وایە کە دەتوانریو دەبآ بە هیزی خەلک کۆتایی بە تیرۆریزم بهینریت، بە دەولەتی و غەیرە دەولەتییەوە. ئەوە بۆ ئیمە رۆشنە کە ئەم رووداوە، سەرەرای ئەبعادی سەرسوڕهێنەری تاوانیک کە راستەوخۆ رووی داوە، تازە خۆی سەرەتایەکە بۆ پەرەسەندنی پێشبڕکێی تیرۆریستی لە ئاستی جیهاندا. رۆژیکی رەش و پەردەی یەکەمی کوێرەوەرییەکی زۆرترە. بانگەوازی ئیمە بۆ خەلک ئەوەیە کە بینە مەیدان و خۆیان دنیا بەدەستەوە بگرن. دەبآ دنیا لە دەستی بۆمب ریژان و جەنەرالەکان دەربهینرێ.

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** ئەم هەنگاوە تیرۆریستییە لەلایەن کآوە ئەنجام دراوەء بە دوای چ ئامانجیکەوەیە؟

**مەنسور حیکمەت:** هیشتا راستی رووداوەکە ئاشکرا نەبووە. دەکرێ ئیحتمالاتی جۆراوجۆر لەئارادابێت. لە رووداوی ئۆکلاهمادا بە خیرایی دەرکەوت کە دەستەیەک لە باڵی راستی توندرەوی خودی ئەمریکا هۆکاری ئەو کارەساتە بوون. بەلام ئەمجارە لە نیشانەکان وا دەرئەکەوێ کە رەوتیکی ئیسلامی لە پشتی ئەم تاوانەوە بێت. خەسلەتی خۆکوژی کردەوەکە، ئەم رووداوە ئەخاتە خانەی نەرێتی بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە. ئەوەی کە کام ریکخراوی ئیسلامی یان کام پیکهاتە لە ریکخراوەو دەولەتان لە پشتی ئەم هیرشەوە بوون ئەمەیان نارۆشنترە. ئەبعادی کردەوەکە، بوونی چوار گروپ بە چوار فرۆکەوانی مەشقپێکراوەوە بۆ لیخورینی فرۆکەی نەفەرهەلگر کە ئامادەی خۆکوژی بوون، نیشانەی نەخشەیەکی دریژماوەی 4-5 سالەیە. ئەوەی کە سەرەداوآ لەم نەخشە گەورەو درێژ ماوەیە دزەی نەکردووەء نەگەیشتووەتە رێکخراوە جاسوسیەکانی غەرب، بەلگەی ئەوەیە کە سەرچاوە زانیاریەکانی دەولەتانی غەربی نفوزێکی ئەوتۆیان لە نێو ئەم رەوتانەدا نەبووە. کە ئەمەش دیسانەوە ئاماژە بۆ دەرەوەی ئەمریکاو ئەوروپا ئەکات. سەرباری ئەمانە ناتوانرێ بە یەقینەوە سەبارەت بە ئەنجامدەرانء هۆکارەکانی ئەم هێرشە قسە بکرێت. دەولەتی ئەمەریکاو میدیاکان بەشێوەیەکی سەرەکی پەنجە بۆ گروپی بن لادن درێژ ئەکەن.

**ئەنتەرناسیۆنالی هەفتانە:** بەرپرسانی ئەمریکا قسە لە تۆڵەو تەمێ کردنی تیرۆرستان و وولآتانی لایەنگری تیرۆریزم دەکەن. بن لادن تاوانبار کراوەو ئەلێن ئەگەر تالیبان ئەو تەسلیم نەکاتەوە رەنگە هێرش بکرێتە سەر ئەفغانستان. رای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

**مەنسور حیکمەت:** بەرای من بێ شک ئەمریکاو ناتۆ دەست دەدەنە کردەوەیەکی گەورەی توندوتیژی.



# مەنسوری حیکمەت لە وەڵام بەدوو پرسیاردا، لەپەیوەند بە دیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانیدا...

## مەنسور حیکمەت

### وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

**ئەنتەرناسیونال:** لە ڕوانگەی خوستنی پەیگیرانەی دیموکراسیەوە چەند ڕەخنەی جۆراوجۆر لە مۆدێلی پەرلەمانی دەگیرێت وەکو ئەوەی کە ناتوانرێت نوێنەرەکانی لەلایەن ئەوانەوە لاببرێن کە هەڵیان بژاردبوون، ئیحتکارکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەلایەن بۆرژوازییەوە، پڕ خەرجیبوونی مەسەلەی بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا وەکو کاندید (پاڵێوراو) و تاڕادەیەکیش وەکو دەنگدەر، هەڵبژێردرانی کۆمەڵە دەوڵەتێک کەبەکردەوە بەشێکی کەمی خەڵک دەنگی داونەتێ، چ بەهۆی کەمی رادەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکانداو چ بەهۆی شێوەی دیاریکردنی کورسییەکانی پەرلەمانەوە لەسەر بنچینەی دەنگی حیزبەکان و شتی لەم بابەتە. ئەم جۆرە ڕەخنانە لە دیموکراسی لەباسی ئێوەدا چ جۆرە جێگا و ڕێگا و بایەخێکی هەیە؟

**مەنسور حیکمەت:** ئەمانە کۆمەڵە ڕەخنەیەکی بنەڕەتی نین لەم سیستمە. بەشێکیان وەکو ناڕەزایەتی لەو سیستەمانەی لەچەشنی بەریتانیا کە کورسیەکانی پەرلەمان بەپێی ڕێژەی سەدی ڕاستەوخۆی

دەنگەکان دابەش ناکرێن، لەبنەرەتەوە  تەنانەت وەکو ڕەخنەش ناژمێردرێن. هەرچۆنێک بێت، پێش لە هەمووکەس خودی خاوەنبیرانی بۆرژوایی بە ڕوونی و ڕاشکاوی تەواوەوە ئەم کەموکوڕیانەی باس دەکەن و بە گەڕانەوە بۆ مەبدەئەکانی دیموکراسی و لیبراڵیزم، باش و خراپی ئەم خاڵانە بۆ هەموومان لێکدەدەنەوە. لاوازی بنەڕەتی، خاڵێک کە بە بڕوای من کرۆکی ڕەخنەی مارکسیستییە لەم نیزامە، ئەوەیە کە مەسەلەی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بەشێکی جیا لە ئابوری سیاسی و خەباتی چینایەتیەوە لە کۆمەڵگادا دەژمێردرێت و تەفسیرێکی حقوقی و ئیداری ڕووت بۆ دەوڵەتی بۆرژوایی دەخرێتەڕوو، ئەو تە×ویرەی کەلای وایە ئەوە خەڵکن کە تائێستا لە پرۆسەیەکی کەم تا زۆر ئازادو دادپەروەرانەدا، بەدەنگی خۆیان دەوڵەت هەڵدەبژێرن، تەسویرێکی هەڵگەڕاوەیە.

لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی ئابوری، لەسەر بنەمای دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر ژیانی بەرهەمهێنان و کۆمەڵایەتی داو لەسەر بنەمای هاوسەنگی ئایدیۆلۆژێکی کۆمەڵگا وخۆهۆشیاری خەڵک، خاوەنی چینایەتی دەوڵەت پێشتر دیاریکراوە. بەر لە هەڵبژاردن و پەرلەمان هێزی چەکداری سەرکوتگەری بۆرژوایی بۆ پارێزگاری قەهراوی  لەم دەسەلات دەوڵەتە هەیە و ڕێکخراوە. یاساوحقوقە جەزاییەکان، بە نووسراو نەنووسراوەوە، بۆ پارێزگاری لەدەسەڵاتی بۆرژوازی و پیرۆز ڕاگرتنی تە×ویری بۆرژوا لەکۆمەڵَگا، هەروەها دادگا و زیندانەکانیش بۆدەستەبەرکردنی جێبەجێ بوونیان لە ئارادان.

هەڵبژاردن ئەوە دیاری دەکات کە کام رەوت و حیزب و کۆمەڵە ئەفراد، بە کام بەرچاو ڕۆشنی بەرنامەیی و شێوکاریەوە، بەڕێوەبردنی ئەم سیستەمە و دیاریکردنی ئەولەویەتە تەنفیزیەکانی بۆ دەورەیەک لە ئەستۆدەگرن.

کۆمەڵە ڕەخنەیەکی لەو بابەتە، کەهەر چۆنێک بێت لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ حاڵی چەپ دەخرێتە ڕوو، هۆی بنەڕەتی ناکامی چەپی ڕادیکاڵ لە نیزامە پەرلەمانییەکاندا پەردەپۆش دەکات و مۆری ڕاست و دروستی دەدات لە تەوەهوماتی پەرلەمانیی چەپ بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپاییدا. بەپێچەوانەی تە×وری ڕەخنەگرانی دیموکرات لە دیموکراسی پەرلەمانی، هۆی بنچینەیی ئەوەی کە چەپی ڕادیکاڵ لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر بەکەمی شتێک بە شتێک دەکات  ئەوەنییە کەپارەیان نییە، تەبلیغات وەڕێبخەن، پرۆسەی هەڵبژاردن دیموکراتیک نییە و یان ئەشکالی ڕیازیاتی دیاریکردنی کورسییەکان لەپەیوەند بە ژمارەی دەنگەکانەوە بە قازانجی حیزبە گەورەکان کاردەکات و شتی لەم بابەتانە ... هۆیەکە ئەمەیە کە دەنگدەر، بەر لە هەمووان جەماوەری فراوانی خودی چینی کرێکار، تە×ویرێکی واقعی ترو بێ تەوەهوم



# کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم کاری ئێمەیە

مەنسور حیکمەت

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد

**ئەم گفتوگۆیەی لە خوارەوە دەیخوێنەوە، ڕاستەوخۆی بەدوای ڕووداوی 11 سێبتەمبەردا، هەفتەنامەی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت ئەنجامی داوەو لە 14 سیبتەمبەردا بڵاوکراوەتەوە، لە حەوتەمین ساڵیادی ئەم ڕووداوەدا، بەپێویستمان زانی بیخەینە بەردەم خوێنەرانی ئازیز تا تیژبینی و پێشبینیەکانی نووسەر ببینن.**

## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئەنتەرناسیۆنالی هەفتانە لەگەڵ مەنسور حیکمەت دەربارەی ئاکامەکانی هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر خەڵکی ئەمریکا (سیبتەمبەری 2001)

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە:** لە ئەنجامی هیرشی تیرۆریستیء خۆکوژی بۆ سەر بالەخانەی ناوەندی بازرگانی جیهان لە نیویورک و بینایەی پنتاگۆن لە واشنتۆن هەزاران کەس لە خەلکی ئەمریکا گیانیان لە دەست داوە. هەلوێستی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا چیـیە؟

**مەنسور حیکمەت:** دوابەدوای ڕووداوەکە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری دەستبەجآ بەیاننامەیەکی لەم بارەیەوە دەرکرد، ئیمە ئەم هەنگاوە بە وینەی تاوانیکی گەورە لە دژی بەشەریەت، بە وینەی

تری هەیە سەبارەت بەجێگاوڕێگای هەڵبژاردن و پەرلەمان لەژیانی خۆیاندا.

دەزانن کە هەڵبژاردن وەسیلەی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی نییە لە کۆمەڵگادا، دەزانن کە خاوەنی چینایەتی دەسەڵاتی سیاسی لەرێگەی هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە دیاری ناکرێت ، دەزانن کە لانی زۆری چاوەڕوانی لەپەرلەمان بریتی یە لە کۆمەککردن بە مەسەلەی کۆمەڵە ڕیفۆرمێکی دیاریکراو، دەزانن کە هەڵبژاردن بۆ بوون و نەبوونی سەرمایەو سەرمایەداری نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بەشی ئەوان لە ئیمکاناتی کۆمەڵگای ئێستا لەدەورەی داهاتوودا هەندێ کەم و زیادبکات، دەزانن کە ئاکامی هەڵبژاردنی پەرلەمان تەنها ڕەنگدانەوەیەکی کەم تا زۆر وەفادارانەی هێزو هاوسەنگییەک دەبێ کە ئێستا، لەدەرەوەی پەرلەمان و دیموکراسیدا، لەناو چینەکاندا بەرقەرارە.

ڕەنگە کرێکار هۆشیارانە دوژمنی سەرمایەداری بێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بەگشتی نەک دەنگ بەو حیزبانە دەدات کە خوازیاری شۆرش لە دژی سەرمایە، بەڵکو دەنگ بەباڵی چەپی بۆرژوازی خۆی دەدات. دەنگ بە حیزبێک دەدات کە بەحیسابی خۆی دەتوانێ جێگاوڕێگای لە پەیوەند بە سەرمایەکەیەوە کە خەریکی کارکردنە چاک بکات. ئەگەر ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی وەک شتێکی عەمەلی نەیەتە بەرچاو (کە خودی بەرێوەچوونی هەڵبژاردن و ئە×الەتی پەرلەمان و وجوودی بارودۆخی ناشۆرشگێڕانە ئەمە لە خەڵک دەگەیەنێت) ئەوا ئەو کاتە زۆر ئاساییە کە توێژە بێبەشەکان کە ئیتر دەبێ بەڕیفۆرم ڕازی بن، بەو کەسایەتی و حیزبە ریفۆرمخوازانەی چینی دەسەڵاتدار دەنگ بدەن کە بە حیسابی خۆیان توانای ماددی عەمەلیکردنی ئەم ئی×لاحانەیان هەیە. گیروگرفتی چەپ ئەمە نییە کە بۆچی دیاریکردنی کورسییەکان بەڕێژەی ڕاستەوخۆی دەنگەکان نین و بۆچی حیزبێکی ترۆتسکیستی لاکۆڵان لە توانای ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی یەکسان بەهرەمەند نییە تا بەڵکو لەناو 400 نەفەردا، ئەویش بۆ خۆی نوێنەرێکی هەبێت. گرفتەکە لەوێدایە کە لە بارودۆخی ئاساییدا کرێکار بەگشتی ئەو کەسە بە نوێنەرێکی باش نازانی بۆ شوێنکەوتنی بەرژەوەندی یە ڕۆژانەکانی لەم ڕێرەوە تایبەتەدا، کە لە هەڵوێستی شۆرش دژی سەرمایەوە دەیەوێ بۆ ماوەی چوار ساڵ ببێتە نوێنەری ئەنجوومەن. خەڵک تەنها لە دەورانی ئەزمەی شۆڕشگێڕانەدا نەبێت (کە لەوبارەدا ئیتر پەرلەمانیش وەک جاران ناوەندی یاسادانان نییە لە کۆمەڵگایەکدا کە استقراری تێدایە بەڵکو بڵندگۆیەکە بۆ ئاژیتاسیۆن و مانۆڕی سیاسی) ئیتر بەتەواوی شارەزای مقەرەرات یارییە پەرلەمانییەکانن و ڕیعایەتی دەکەن. یەکێک لە گرنگترین ئەم مقرەراتانە ئەوەیە کە براوەی چینایەتی یارییەکە لەپێشەوە دیارە و لەغەیری ئەم حاڵەتەدا هەموو ئەم باروبنەیە دەپێچرێتەوە.





هەڵسووڕانی فراوانتری دەستکەوتووە بۆ کێشکردنی چینی کرێکار بۆ ڕێکخراوبوون و سیاسەتی رادیکاڵی کرێکاری.

... بەوێنەی کۆمۆنیست دەبێ گەلێک کار بکرێت. دەکرێ زۆر کار بکرێت. ئەگەری سەرکەوتنی تەواو و شکستی تەواو هەردووکیان لەئارادایە. ململانێ سەرەکییەکان جیهانین و تایبەتمەندییەکی وڵاتیی تایبەتیيان نییە، هەرچەندە دەکرێ ئیستنتاج گەلێکی ڕۆشن لەبارەی ئەرکە کۆمۆنیستیەکان لەم وەزعەدا لەهەر وڵاتێکدا دەربکێشرێت.

کۆمەڵێک جەبهەی ڕوون و ئاشکرا هەیە کە دەبێ بەوێنەی کۆمۆنیست تیایدا ئامادەبین. کۆمۆنیزم ئەمڕۆ تەنها بەئامادەبوون لەم سەنگەرانەدا دەناسرێتەوە. نە تەنها دەبێ لەبەردەم پەلاماری فیکریی بۆرژوازی بۆ سەر مارکسیزم بووەستێت، بەڵکو دەبێ رەخنەی ژێروژوورکەری مارکسیستی، رەخنەی کرێکار بەجیهانی سەرمایەداری بە گوڕو توانایەکی تێکشکێنەری زۆر زیاترەوە لەئاستی کۆمەڵگادا بخرێتە ڕوو. دەبێ خورافاتی دیموکراتییانە، ناسیۆنالیستی، لیبرالی، دینی و رەخنە نیوەناچڵەکانی ناڕازیيانی بۆرژوا بە قەراغ و کەنارەکانی ئەم نیزامە، لەمەیدان وەدەربنرێن. دەبێ ریزی سۆسیالیستیی کرێکار بکێشرێتە مەیدانی ململانێ ئابووری و سیاسیە چارەنووسسازەکانی ئەمڕۆوە. دەبێ ئەلتەرناتیڤی کرێکاری بخرێتە بەردەم جیهانی ئەمڕۆ. دەبێ شێوەو قاڵبەکانی خەباتی رادیکاڵی جەماوەری کرێکاران دەستنیشان بکرێت و پەرەی پێبدرێت. دەبێ حزب گەلێکی سیاسی ڕۆشنبین، رادیکاڵو کۆمۆنیستی کرێکاری پێک بهێنرێت. دەێب پێکهێنانی یەکێتی چینایەتی کرێکار لەئاستی نێونەتەوەییدا بەوێنەی مەسەلەیەکی دەستوبردی عەمەلی بخرێتە بەرنامەی کارەوە. بەشداریکردن لەهەموو سەنگەرەکانی خەباتی کرێکاری چ دیفاعی و چ هێرشبەرانە لەبەرامبەر بۆرژوازی و خەبات بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و ستەم لەسەر توێژە ژێردەستەکانی کۆمەڵگا، دیفاع لەئینسان لەهەموو ڕووەکانەوە لەبەرامبەر نەزمی دژی ئینسانی ئێستاو دیفاع لەهەر زەڕەیەک ئازادی و یەکسانی.

بێگومان هەر یەکێک لەمانە تەرجەمە دەبێت بۆ زنجیرەیەک هەڵسووڕانی جۆراوجۆرو ناوەڕۆکی سەرەکی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی کرێکاری پێکدەهێنن.

**ەنتەرناسیونال** : بەم پێیە بەبڕوای ئێوە بەدیهێنانی ئەم جۆرە ئی×ڵاحاتانە لە نیزامی پەرلەمانیدا ئەم نیزامە لە ت×ویری مارکسیستی بۆ ئازادی نزیکتر ناکاتەوە ؟

**مەنسور حیکمەت:** باس ئازادی لەڕوانگەی مارکسیستییەوە بە تەواوی لەلاپەرەیەکی ترەوە دەست پێدەکات. بابەتی دیموکراسی "دەوڵەتی شەرعی" یە. بەڵام ئازادی مەقولەیەک نییە پەیوەندی بەشێوەی حکومەت و پەیوەندی نێوان فەرد و دەوڵەتەوە هەبێت، بەڵکو پەیوەندی بەخودی حکوومەتو بوون نەبوونی دەوڵەتەوەیە. مەفهومێکی بنەڕەتی لەباسی ئازادی دا، چین و ئیستیمسارو سەرکوتی چینایەتییە. ئەمە سەرچاوەی دەوڵەتە. مەرجی ئازادی واقعی ئینسان سڕینەوەی دابەشبوونی چینایەتی، کۆتایهاتنی ئیستیمساری بەشێکی کۆمەڵگا لەلایەن بەشێکی ترەیەوە، لەبەین چوونی بنەمای سەرکوت و زەوتکردنی ئازادی و لەئاکامدا ئاوابوون و نەمانی دەوڵەتە وەکو وەسیلەی داسەپاندنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان و پاراستنی باڵادەستی چینایەتی. نیزامی پەرلەمانی نەک هەر نووکە دەرزیەک لەم مەفاهیمانە نزیکتر نابێتەوە، بەڵکو خۆی یەکێکە لەو ڕێگری و کۆسپانەی کە کۆمەڵگای ئینسانی لەڕێرەوی ئازادی کامل و واقعیدا دەبێ لەسەر ڕێگای لابەرێت.

مەفهومی ئازادی لە مارکسیزم دا بەش بەش ناکرێت بۆ مەیدانی سیاسەت و ئابووری وەیان بۆ کۆمەڵگا و فکر. ڕزگاری، ڕزگاری تەواو کەماڵە. ناوخۆیی و دەرەکی. هەر ئەو پرۆسەیە ئەو ڕێگری یە ناوخۆییانە لەناودەبات کە ڕێگا لە ئیرادەی ئازادی ئینسانەکان دەکرێت، لەخۆنامۆبوونی ئینسانەکان و هەموو ئەو بەرژەوەندییە ماددیو ئەو مەعنەویاتە لنگەوقوچانەی کە ئینسانەکان بۆ قبوڵکردنی ئەخلاقیانەی نایەکسانی و کۆیلەتیو قبوڵکردنی دەوری سەرکوتگەر و سەرکوتکردن و پاڵ پێوەدەنێت، لەنێو دەبات. یاساکان و پێویستی یاساکان هەردووکیان پێکەوە لەنێودەچن هەر ئەو پرۆسەیەی کە یەکسانی دێنی، لەگەڵ خۆیدا ئینسان دۆستی و ڕێزگرتنی قوڵ لە ئاسودەییو ئازادی یەکتریش دێنێ. ناکرێ لەلایەکەوە کەسێک هەبێ کرێ بدات و بەشوێن قازانجەوە بێت و لەولاشەوە کەسێک کرێ وەربگرێت و ناچار بەکارکردن بکرێت و کەچی لە مەیدانی سیاسیشدا ئازاد بێت. ناکرێ چینە باڵادەستەکان و چینە چەوساوەکان هەبن و دەمارگیری و دواکەوتوویی و زوڵم و زۆرداری و تاوان لەئارادا نەبن. ئازادی واقعی تەنها بەرهەمی ئاڵوگۆڕی سۆشیالیستیانەی کۆمەڵگاودەرچوونی ئینسانە لەدەورانی وەحشیگەرییە چینایەتیەکەی. ئازادی واقعی مەفهوومێکی کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنەیە. نەک تەنها مەفهومێکی حقوقی و ئیداری. بەم پێ یە ئازادی واقعی مەوزوعێکی دیموکراسی نییە چونکە





دیموکراسی تەنانەت بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوور ڕۆشنی نییە. بەمجۆرە مەسەلەکە بەستراوەتەوە بە چارەنووسی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە. لێرەدایە کە پێم وایە بەبێ لەئارادابوونی هەوڵی جدی بۆ: یەکەم، بەرەنگاربوونەوەی هێرشی دژی کۆمۆنیستی ئەمڕۆ، وە دووەم، پێکهێنانی حزبە کۆمۆنیستی‌یەکانی سەرقاڵ بەرێکخستنی چینایەتی کرێکاران و دەخالەتگەر لەخەباتی سیاسیدا، کریکاران تەنانەت ئەگەر بتوانن لە قەڵەمڕەوی ئابووریدا پارێزگاری لەچەند سەنگەرێکی دیاریکراویش بکەن، بەهەرحاڵ دەکەونە هاوسەنگییەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی‌یەوە کە چەند ئەوەندە دژی کرێکاری‌تر دەبێت لە هەلومەرجی ئێستا.

بەبڕوای من دەورەیەک کە چووینەتە ناویەوە لەڕووی جموجۆڵی ناڕەزایەتی چینی کرێکارەوە کەموکوڕییەکی نابێت. بەڵام ئەوەی کە ئەم خەباتانە بە چ ئەنجامێک ئەگات و بەشێوەیەکی دیاریکراو چ کاریگەرییەک لەسەر پێگەی گشتیی کرێکار لە کۆمەڵگادا، وە تواناو حورمەتی ئەو دادەنێت، ئەمەیان پرسیارێکی ترە. ئەمەی دووەمیان بەستراوەتەوە بەبوونی جوڵانەوەیەکی کۆمۆنیستی لەسەر ئاستی کۆمەڵگاداو لەجەرگەی جوڵانەوەی کرێکاریدا.

بۆ کۆمۆنیزمێک کە لەئامانجی یەکسانی و ئازادی ئینسانەکان نەکەوتۆتە گومانەوە، بۆ کۆمۆنیزمێک کە بزووتنەوەی ڕەخنەگرانەی – پراکتیکی کرێکارە بۆ ژێرەوژوور کردنی سەرتاپای نیزامی دواکەوتووانەو دژی ئینسانی بۆرژوایی، بۆ کۆمۆنیزمێک کە پەلارماری ئەمڕۆ بۆسەر مارکسیزم و بیروباوەڕو بزووتنەوە کرێکارییەکان دەبینێت، دەورەی ئێستا کردنەوەی کۆمەڵێکی فراوان لەجەبهەی فکری و سیاسی دەخاتە ئەستۆی. دەبی بەرەوپیری ئەم ململانێیانە بچین، وە هەموو شتەکان هێما بۆ ئیمکانی سەرکەوتنی کرێکارو کۆمۆنیزم دەکەن هەر لەم دەورەیەدا. جیهان لەحاڵی پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتیە بە بناغە سیاسی و ئابووری و فیکرییەکانی خۆیدا وە کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەمجارەیان بەبێ ئەوەی لەگەڵ بلۆک و ئۆردوگاکانی سۆسیالیزمی بۆرژوازی بەرەوڕووبێت، دەرفەتێکی فراوانی بۆ خستنەڕووی ڕاستەوخۆو ڕوونی بۆچوونی ڕەخنەگرانەو بەدیلی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە. جیهانیبوونەوەی سەرمایەو بەرهەمهێنانی سەنعەتی، چینی کرێکاری هاوچەرخی کردووەتە چینێکی بەڕاستی جیهانی. ناڕەزایەتیە کرێکاریەکان بۆ باشکردنی وەزعی ئەم چینەو لەدژی سیاسەتەکانی دەوڵەتەکان و خاوەنکارەکان بەبێ ڕاوەستان لە وڵاتە جیاجیاکاندا لەئارادایە. مەیلە تەقلیدیەکان لەبزووتنەوەی کرێکاریدا، بەتایبەتی بزووتنەوەی نەقابی و جوڵانەوە سۆسیال دیموکراتیەکان، بێتوانایی خۆیان لەپەرەپێدانی ڕیکخراوبوونی کرێکاری و بەسەرکەوتن گەیاندنی ناڕەزایەتیە کرێکاریەکاندا نیشانداوە. سەرباری هەموو تەقەلاو پڕوپاگەندە دژی کۆمۆنیستیەکانی ئێستا، جوڵانەوەی سۆسیالیستی رادیکاڵ لەبزووتنەوەی چینایەتیدا مەودایەکی

بزانن و سیمای جوڵانەوەیەكی هەمەلایەنە بدەن بەخەباتی كۆمۆنیستی كەسەرتاپای دەسەڵاتی سەرمایەداری دەكاتە نیشانە، كارو خەباتی دەزگاو عونسرە سۆسیالیستەكان لەم یان لەو مەیدانی كۆمەڵگادا كاریگەرییەكی درێژماوەی نابێت. بەتایبەتی پێم وایە ئەگەر كۆمۆنیزمی كرێكاری لەقاڵبی ئەحزابی سیاسیدا خۆی نەنوێنێ، هەوڵە مەحفەلی و دامەزراوەییەكانی سۆسیالیستەكان بەرادیكاڵی و رەخنەگرانە نامێنێتەوە. كۆمەڵگای بۆرژوایی ئەمانە هەرس دەكات و لەقاڵبیان دەدات. جیهان پڕە لەو كۆڕو كۆمەڵەو عونسرە سۆسیالیستانەی كە لە مەیدانە جیاجیاكاندا دەستیان دایە "خەباتی ئالتەرنەتیڤ"و پاش ماوەیەك هەر ئەو خەباتی ئەلتەرناتیڤە بوو بە كۆڵەكەیەكی نەرێتی رەسمی. رادیكاڵیزم لە كۆمەڵگادا بەستراوەتەوە بەپێگەی چینی كرێكار لە ململانێی نێوان چینەكاندا. ئەمەیان ئیتر قەڵەمڕەوێكە كە لەپلەی یەكەمدا پێویستی بەحزبە كۆمۆنیستە كرێكارییەكان هەیە.

... بەگشتی پێم وایە دەورەی ئێستا دەورەی ناسیۆنالیزم نییە. دەورەی پووكانەوەی ئەویش نییە. ناسیۆنالیزم نەوەڵامێكی تایبەتی هەیە بۆ مەسەلەكانی سەرمایەداری ئەمڕۆو نە بەشێوەیەكی تایبەتیش لەژێر فشاردایە. ئەوەی خەریكە دەگۆڕێت ئارایشی نەتەوەیی جیهانی سەرمایەدارییە نەك جێوشوێنی نەتەوەچێتی تیایدا.

... لە هەلومەرجێكدا كە بۆرژوازی ئەلگۆكانی خۆی لەبواری ئابووری و سیاسەت و فەرهەنگ لەقاڵبە جیاجیاكانی ناسیۆنالیزم و دینەوە بگرە تا فاشیزم و نەژادپەرستی دەخاتە بەردەم كۆمەڵگا، چینی كرێكار سەرقاڵی بەرگری لەخۆكردنە لە چوارچێوەی بەرتەسكی ئابووریدا. ئەمە واقعییەتێكی بەرچاوو زۆر جێگەی نیگەرانییە. خۆنواندنی چینی كرێكار لە قەڵەمڕەوی سیاسیدا درێژكراوەی وشكوزڕی خەباتی ئابووری نییە. "كرێكاران" هەر بەم مانا كۆمەڵناسیی‌یەی وشەكە تائێستا كەمتر لە سیاسەتدا دەخالەتیان كردووە. كرێكار بە حزبە كرێكاریكانەوە، چ ریفۆرمخوازبێت یان شۆڕشگێڕ، دەتوانێ لە ململانێ سیاسیەكاندا بەشداری بكات. ئێستا هەلومەرجێك هاتۆتە ئاراوە كە هەموو ئەو نەرێتە سیاسی و حزبیانەی كە بەهەر جۆرێك چوارچێوەیەك بوون بۆ دەخالەتی سیاسی كرێكار لە كۆمەڵگادا، وەكو سۆسیال دیموكراسی و لقە جیاجیاكانی كۆمۆنیزم، روو لە نشێون.

ئەو چاوەڕوانیەی كە كرێكاران بەبێ خۆرێكخستن لەدەوری حزبە سیاسیەكان دەتوانن لە قەڵەمڕەوی ئابووریدا زۆر پێ درێژ بكەن، چاوەڕوانیەكی پووچ و لە رووی مێژوویشەوە بێ بناغەیە. من خۆم پێم وانییە سۆسیال دیموكراسی تەنانەت مەیلی ئەوەی هەبێت كە لەمەبەدوا بەوێنەی رەنگدانەوەی سیاسی بزووتنەوەی نەقابیش لەكۆمەڵگادا سەیر بكرێت. ئەم رەوتە بەبڕوای من تاڕادەیەكی زۆر دەستی لەكرێكاران كێشاوەتەوەو چاوی بڕیووەتە توێژە ناوەنجی‌یەكانی كۆمەڵگا. جگە لەمە سۆسیال





دیموكراسی و لیبراڵیزم دوای بەفەوز وەرگرتنی ئەساسی كۆمەڵایەتی و ئابووری بۆرژوایی، و دوای بەفەرز وەرگرتنی وجودی سەرمایە و قازانج وكرێ و بازاڕ و خاوەندارێتی تایبەتی، دەچێتە سەر موشەخەساتی سەرخانی سیاسی و ئیداری كۆمەڵگا.

# کۆمۆنیزم و حزب و چینی کرێکار

## کورتکراوەی گفتوگۆیەک لەگەڵ مەنسور حیکمەتدا

## مەنسور حیکمەت

**وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد**

**دەبێ باس لە شۆرشی کۆمۆنیستی بکەین. ئیتر خەریکە پێ دەنێینە سەدەی بیست و یەکەمەوە.**

ئەم پرۆسەی "دەستبردن" بۆ کۆمۆنیزمە پێویستیەکی حەتمی مێژووییە. ئەمە پرۆسەیەکی جیهانیە. کرێکار سەرلەنوێ دەست بۆ کۆمۆنیزم و تەحەزوبی کۆمۆنیستی دەباتەوە. ئاڵای سۆسیالیزمی کرێکاری ئەم جارە بەناوی مارکسیزمەوە هەڵئەکرێت. ئەمە رەوتێکی جیهانیە.

دەمەوێ بڵێم سۆسیالیزمی بۆرژوایی ئاڵاکەی لەدەستداوەو مانایەکی ئەمە ئەوەیە کە بۆرژوازی دەیەوێ بەیەکجاری دەست لە مارکس هەڵگرێت و خۆیان بەئاشکرا ئەمە رادەگەیەنن. رۆژنامە رەسمیەکانی بۆرژوازی دەڵێن مارکس دەورەی بەسەرچوو. ئەمە مانای ئەوەیە کە بۆرژوازی دەتوانێ ئەم مەقولەیەو ئەم رێبازە بنێتەلاوە.

ئەمانە رێگریەکانن، بەڵام عاملە ئیجابیەکان زۆر بەرجەستەترن. پێشتریش گوتوومە کە سوود وەرگرتن لەو عاملە ئیجابیانە پێویستی بەپراتیکێکی هۆشیارانە هەیە. بەڵام عاملە سلبیەکان خۆبەخۆ سبەینێ روودەدەن. هەموو رۆژێک خەریکن روودەدەن. بەڵام گۆڕینی شکستی سۆسیالیزمی بۆرژوایی بۆ سەرکەوتنی مارکسیزمی کرێکاری تێکۆشانی دەوێت، کارو هەڵسووڕانێکی زۆری دەوێت. ئەمە ئەو ئاسۆیەیە کە لەبەردەم کۆمۆنیزمی کرێکاریەیە لە ئێران و جیهاندا، تەنانەت هاتنەگۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری و سەرهەڵدانی لەحزبی ئێمەدا، بەبڕوای من رەنگدانەوەی واقعیەتێکی کۆمەڵایەتی





دەرەوەی خۆیەتی. ئیلهام لە فشارێکی دیکەوە وەردەگرێت. بزووتنەوەی چینی کرێکار کە تا ئەمرۆ هێزو توانای خۆی بەخشیوەتە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی و وای لێکراوە کە بەدوای مەسەلەی کۆمەڵایەتی بەشە جیاجیاکانی چینی دەسەڵاتدارەوە بێت، ئێستا بەرەو ئەوە ئەڕوات کە هێزی سەربەخۆی خۆی نمایش بکات. تەرحی پیشرەوانەی بەرەوپیشچونی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کەمپینێکە کە لەسەر بناغەی ئەم واقعیەتە کۆمەڵایەتیە خەریکە دەڕەخسێ. وە ناکر؟ێ بەری پێبگیرێت. لەم رووەوەیە کە من پێم وایە بۆ کۆمۆنیستێک کە خوازیاری سەرکەوتنی کۆمۆنیزم، کۆمۆنیزمی مارکسەو عەودالّی رێگای پێشڕەوییە، ناتوانێ خۆی لە پەیوەستبوون بە کۆمۆنیزمی کرێکاری لابدات. هەلومەرجی بابەتی بۆ بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لەبارە. نەک وەکو مەسەلەیەکی دەستبەجێ و رۆژانە بەڵکو لەڕووی مێژوویەوە لەبارە. لەڕووی مێژووییەوە ئەمە ئەو دەورەیەیە کە تیایدا چاوەڕوانیەکانی مارکس لە خەباتی چینایەتی دەکر؟ێ بە واقعی عەمەلی بکرێتەوە.

مارکسیزم بەرلەوەی زنجیرەیەک ئەحکام و پێشبینی بێت، رەخنەیە. رەخنە لەکۆمەڵگای سەرمایەداری. ئاشکرایە کە ئەم رەخنەیە پشتی بەستووە بەشیکارییەکی ئیسپاتی بناغەکانی ئەم سیستمەو ناکۆکیە دەروونیەکانی. بەبڕوای من دابڕان لە مارکسیزم دابڕانە لە حەقیقەت. هەزار یەکێتی سۆڤێت بێت و بڕوات هیچ ئاڵوگۆڕێک لە رەخنەی من وەکو مارکسیستێک بەرامبەر بەم کۆمەڵگایەی کە هەیە، وە تێڕوانینێک کە بۆ کۆمەڵگای شایستەی ئینسان هەمە، وە ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەی کە بۆ وەدیهێنانی ئەم کۆمەڵگا نوێیە لە دڵی کۆمەڵگای ئێستادا شکی ئەبەم، پێک ناهێنێت.

بناغەی سۆسیالیزم ئینسانە، چ وەک کۆمەڵ و چ وەک تاک. سۆسیالیزم بزووتنەوەی گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان. بزووتنەوەیەکە بۆ رزگارکردنی ئینسانەکان لە جەورو زۆرەملێی ئابووری و دیلێتی لە قاڵبە ئابوورییە لەپیشدا دیاریکراوەکان. بزووتنەوەیەکە بۆ لەنێوبردنی چینەکان و دابەشکردنی چینایەتی ئینسانەکان. ئەمەش مەرجی بنەڕەتی شکۆفایی تاکەکانە...

**بانگەواز بۆ کۆمۆنیستەکان و کۆڕوکۆمەڵە مارکسیستی و سۆسیالیستیەکان!**

بەڵام تەنانەت بۆ کەسێک کە مەبەستی هەڵسووڕانی فکریی مارکسیستی و کاری پایەیی کرێکاری بێت، دوورکەوتنەوە لە حزبایەتی هەڵەیەکی گەورەیە. سەنتەرو کۆڕوکۆمەڵ و نووسینگەو کەسایەتیەکان ناتوانن جێگای خاڵیی حزبە سیاسیەکان پڕبکەنەوە. بەبڕوای من لە نەبوونی ئەو حزبە کۆمۆنیستە کرێکارییانەدا کە تێکڕای بەدیلێکی کۆمەڵایەتی بەهەمەگیریی لەبەرامبەر چینی دەسەڵاتداردا دابنێن، لە نەبوونی حزب گەلێک کەپێکەوەگرێدانی هەوڵە کۆمۆنیستیەکان لەمەیدانە جیاجیاکاندا بە ئەرکی خۆیان